
شیعر




گۆڵباخ بەهرامی- دیواندەرە

# ئەم هەوارە بەجێ دێڵم



ئەوینی من
ڕەنگی زستانی پێوە بوو
بۆیە زوو مرد!
قژکاڵەکەی شۆخی تەمەن!
تۆ ڕەنگی کام وەرزی ئەشقت لێوە دیاربوو؟؟
چەند لە پاییزی پشت پەنجەرەکەمان ئەچیت
بەدەم باوە سەما ئەکەیت
ئەڕژێیتە سەر ڕۆحی خاک و
لەگەڵ بلوغی زەوینا سەرهەڵئەدەی!
گوزەر ئەکەم لە هەرچی تۆی لێوە دیار بێ و
وەکوو دارێکی دەسکەنەی بێ ناونیشان
لە شەرما ئەڕوتێمەوە،
گوزەر ئەکەم لە ڕایەخی چنراوی
نێو شیعرەکانم و
لە تەنکاوی حەزێکی شێت دەرباز ئەبم

تەنیا تەنەکەی یادێک و
ڕووت و پەتی بەم نیوەشەوی نەفرینە
ئەم هەوارە بەجێ دێڵم
...
کافر ئەبم
لە هەرچی وشەی شیرینە!



## لێم گەڕێ

خەیاڵەم پڕە لە پار، ئەم
ئەم مەراقەش سەوز نییە وەکوو
پەنجەرە!
لێم گەڕێ با لە ئەژنۆتا بشکێمەوە!
گەزووی حەرف و
خولیای نەبرانەوەی مردن
لە ژێر تەرمی دارتەلەکان ڕاکشمەوە!
.. سێ چرکەی تر
هەر سێ چرکە
زەرد ئەبێ و تەواوبوونم لە گوڵدانێکا
تەماشامان ئەڕژێتە سەر
لەتێ کۆڵانی بێهودە و
منالانە لەنێو هەرای گەمەیەکی
گەورە دەبێ و
... تۆ نەتزانی
پەڕەسێلکەی بەڵێن بەدەم
سەر دارتەلی کۆڵانەکە
لە گۆ ئەچێ.
...
و ئەم کاتژمێرەش تێپەڕی

تۆ لە سەر بالیفی ئەم خەوە ڕانەبووی!
تۆ
نەتزانی.... و
لە تەنگاوتەنگی دێڕێکی نەنووسراودا
بە باهۆزێکی گەڕیدەت ڕاسپاردم!
نەتزانی کەسێک پاش ئەوەی بڕوخێت و
لەگەڵ وریشەی لەتبوونی بەڵێنێکدا
سەفەر بکات و
لە ئاوێنەکە دابەزی
بۆ چرکەیەک
هاتەوە لات

## لە دووایین چرکەکانی بوونت دا

با" گلەیی لە تۆ ئەکرد"
کە کراسەکەم لۆچ بوو!
ئێستا گفەگفی گلەیی یەک و
با "یەک بە ڕوومەتم دا ئەچێتەوە".
نەفرینم مەکە!
من لە فنجانێ قاوەدا لێوم سڕی و مردم
کە ڕەنگی تۆی قاوەیی خوڵقاند،
هەرچی تۆم هەڵمژی گەرمم نابێتەوە!
کچێک پێشتر وتبووی تۆ وەرزەکانی گڕت شکاندووە!
ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
سەوز نەبیت و باڵا نەکەی!
ئاخر جارێ کە ڕۆیشتی
کانی بە چوار بەتڵی وڵاتێکا ڕۆحی تەنی و ئاوەکانی تف کردەوە!
ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
لە بێدەنگی لەتێ نانی سوودا شین بیتەوە،

ئاخر جارێ کە ڕۆیشتی
هەرچی نانی بەزەیی بوو تەنورەکانیان بەجێ هێشت بووژانەوە!
کاتژمێر لە پەنجەکانما ئەڕوێتەوە..
کە ئەتژمێرم و
تۆ لە کاتێکا شەهید ئەبی
کە پەنجەکانم نووستبون.
ئاخ- ئەم خەونە چ گەمەیەکی بەتاڵ بوو
کە تۆی لە شارێکدا سڕییەوە.
کە شەقامێک ماچت ئەکا و چنارێک ئەتشارێتەوە،
منیش لە ئەرخەوانی باخێکی پەمەییدا
لە سێوێکا بۆنت ئەکەم کە بۆنی خاکی گرتبێ،
ئەی لە وردە خەندەی پەپوولە شیرین تر!!
نەفرینم مەکە و مەڕۆ!
من دەمێکە لێرەدا نامۆ بووم و
لەنێو حەرفەکانی ئێوارەیەکی شارەکەما پەپکە دەخۆم!
هەنگاو ئەنێم پێڵاوەکەم پێم ئەکەنێ!
من دەمێکە مردووم
گۆڕەکەم هەڵمئەداتەوە و خاک ڕامناگرێ!!
تۆ بڵێی دەسپێکی ئەم زەمەنە چی بێ
لە دوواین چرکەکانی بوونت دا؟
کە بەرانبەر بە شارێک ڕائەوەستێ و
حاشا لە بوونی هەموومان ئەکات!
خانوویەک ک ئەمباتە ژوورەوە لە- تۆ- ئەچێ
پەنجەرەیەک دامئەخا کە بە چاوی- تۆ- ئەکرێتەوە!
ئەمجارە بێ ئەوەی چاوەڕێی هاتنەوەت بم
چرای ژوورەکەم کوژاندەوە و
ئالآیەکم هەڵکرد

